تەوەری کورد و فەلسەفە

### د. محەمەد کەمال پسپۆڕی فەلسەفەی (هیگڵ) لەزانکۆی مالبۆرن، بۆ ڕەخنەی چاودێر:

# فەیلەسوف باسی شتێک ناکات پەیوەندی بە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەوە نەبێت



٢-٢

**ڕەخنەی چاودێر: سەبارەت بەو گرفتەی باستان کرد، ئایا ئەو گرفتەی ڕاگەیاندنی پارتە ڕامیاریەکان دروستیان کردووە، هۆی چییە نەتوانراوە ڕێگەی لێبگیرێت یان چارەسەر بکرێ، ئایا نەبوونی ئاکادیمیای چالاکە یان هاتنی لێشاوی بڵاوکراوەکانە؟ ئایا بەکارهێنانی پیتی لاتینی چ پەیوەندیەکی هەیە بە گرفتی نووسینی فەلسەفی؟**

د.محەمەد کەمال: ئێمە تاکو ئەمڕۆ لە کوردستاندا خاوەنی دەستگای ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاد نین. تەنانەت تەلەفزیۆنی (ئەهلی)نییە، دەستگاکان (حیزبین). کۆمەڵگای مەدەنی و دەستگای ڕاگەیاندنی مەدەنی و دەوڵەت (نەک حکومەتی حیزبی) لە کوردستاندا دانەمەزراون یان لەسەرەتادان. دەستگا ڕۆشنبیرییەکانیش سەربەخۆ نین. کورد ڕۆشنبیری بێ لایەن و ناحیزبی کەمە. بێگومان ئەمانە پەیوەندیان بە باری ڕامیاری و سایکۆلۆجی مرۆڤی کوردیشەوە هەیە، کە لێرەدا باسیان ناکەم. ئێمە چ دەستگایەکی ڕاگەیاندن و خوێندن و ئەکادیمیمان هەیە لەژێر کاریگەرێتی یەکێک لە حیزبە دەسەڵاتدارەکان کاری خۆیان بەڕێوەنەبەن؟ تەنانەت تازە، دووای چەندەها ساڵ لە پەرلەمانی کوردستان لایەنی (ئۆپۆسزیۆن)بۆ یەکەمجار دێتە کایەوە. ئەمانە هۆکارن بۆ ڕێگەنەگرتن لەو نەهامەتییەی زمانی کوردی تووشی بووە.

من لە ئاستی بەکارهێنانی پیتی لاتینی ڕێگر نیم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم، کە زمان و ڕێنووسی گەلێک بە کەناڵێک یان چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆن ناگۆڕێت. چ پێویست دەکات لە شەوو ڕۆژێکدا، وەکو تورکە کەمالیستییەکان شێوەی نووسینی خۆمان بگۆڕین، کە بە درێژایی مێژوو بەکارمان هێناوە؟ ئایا مەبەست لەم گۆڕانکارییە چییە؟ چ سوودێکی هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لای سەرپەرشتکارانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی نییە.

**ڕەخنەی چاودێر: ئایا فەلسەفە چەند ترس دروستکەرە، بەو مانایەی فەلەسەفە هی نوخبەیە (قۆرخکردنی فەلسەفە بۆ نوخبە) هۆکارێک نییە بۆ لە دایک نەبوونی فەیلەسوفو فەلسەفە؟ ترس لە وەرگرتنی فەلسەفەوە هەتاوەکو مامەڵە کردن لەگەڵیدا بەوەی فەلسەفە زۆر قورسە هەموکەس لێی تێناگات، ئەم دەستەواژەی کەلەکاتی گفتوگۆدا زۆرجار گوێمان لێدەبێت، (فەلسەفەم بەسەردا لێمەدە. یان خۆ فەلسەفە نییە لێی تێنەگەم) ئەم دەستەواژانە چی دەگەیەنێت، ئایا ئەوە ناگەیەنێت ئێمەی کورد نامانەوێت لەگەڵ فەلسەفەدا مامەڵە بکەین؟**

د.محەمەد کەمال: هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەک جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە. چەند کەسێک هەن لەوانی دیکە زۆرتر خۆیان بەو جۆرە بیرکردنەوەیەوە ماندوو کردووە. هەموو کەسێک، بۆ نموونە هونەرمەندی شێوەکار، مۆسیقازان یان شاعیر نییە. هەروەها هەموو کەسێکیش لە کۆمەڵدا چێژ لە تابلۆیەکی هونەری، پارچەیەک مۆسیقا یان شیعرێک وەرناگرێت. فەلسەفەش بە هەمان شێوە چەند کەسێکی تایبەت هەن خۆیانی لەگەڵدا ماندوو دەکەن و هەوڵی تێگەیشتنی دەدەن. ژمارەی ئەم کەسانە دەگەڕێتەوە بۆ پلەی خوێندەواری کۆمەڵەکە. من لەپێشتر ئاماژەم بۆ ئەو خاڵە کرد، کە فەلسەفە مامەڵە لەگەڵ پرسیارە گەورەکاندا دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بیرکردنەوەی فەلسەفی خەسڵەت و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و هەموو کەسێک ناتوانێت خۆی لە قەرەی بدات. بەڵام من لەو باوەڕەدام لە ناخی هەمووماندا ئەو پرسیارە فەلسەفییانە هەن. ئەگەر مرۆڤ توانیبێتی خۆی بە پلەیەکی بەرزتر لە ئاژەڵ گەیاندبێت، ڕۆژێک ئەو پرسیارانەی لا دروست بووە کە ئەو چۆن پەیدا بووە؟ لەکوێوە هاتوە؟ بۆچی لێرەیە؟ ئایا هۆیەک ئەوی ئافەرید کردووە؟ یان بەگشتی بوونی ئەولێرە چی واتایەکی هەیە؟ پرسیارکردن خەسڵەتی مرۆڤە و ئەم خەسڵەتەشە لە ئاژەڵی جیادەکاتەوە. دەشێ لەکۆمەڵگای ئێمەدا ترس لە فەلسەفە بکرێت. هەندێک بە موڵکی نوخبەی دادەنێن. ئەمەش کارێکی ڕەوایە، چونکە هەموو بەرهەمێکی بیرکردنەوە (فەلسەفی، زانستی یان هونەری) سەر بە دەستە و تاقمێکی کۆمەڵە. بەڵام، بۆچی لە فەلسەفە بترسین؟ ئایا فەلسەفە تێگەیشتنی سەختە؟ چۆن بەرهەمێک زادەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بێت سەخت دەبێت و کەسانی دیکە ناتوانن لە واتاکەی تێبگەن؟ بە ڕای من هۆی سەختی دەگەڕێتەوە بۆ سەرنەکەوتنی بیریارەکە لە دەربڕینی بۆچوونە فەلسەفییەکەیدا یان ئاستی خوێندەواری کۆمەڵەکەی. فەیلەسوف باسی شتێک ناکات پەیوەندی بە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەوە نەبێت.

لە بەشێکی پرسیارەکەتدا دەڵێیت: ئایا ئەوە ناگەیەنێت ئێمەی کورد نامانەوێت لەگەڵ فەلسەفەدا مامەڵە بکەین؟ دەستەواژەی (فەلسەفەم بەسەردا لێمەدە یان خۆ فەلسەفە نییە تێی بگەم) هۆی تایبەتی هەیە. پەیوەندی بە کەلتوورو شێوازی پەروەردەو بیرکردنەوەی کوردەوە هەیە. ئێمە کورد لەنێو کەلتوورێکی سەرکوتکەردا گەورە بووین، کە ئایین تیایدا دەستەڵاتێکی بێسنووری هەیە. لە (ئایین)دا (بیرکردنەوە) نییە، چونکە کۆمەڵێک وەڵامی ئامادەکراو و بەها و یاسای بۆ تاک و کۆمەڵ دامەزراندووە و پەیڕەوییان دەکرێت. مرۆڤێک لەنێو کەلتوورێکی سەرکوتکەردا پەروەردە بێت و بە درێژایی تەمەنی ملکەچ بێت، پرسیارکردن لە لای دەمرێت و لە بیرکردنەوە دەترسێت. ئایین ڕێگری پرسیارکردن و بیرکردنەوەیە و داوای بڕواو شوێنکەوتنی کوێرانە دەکات، بێگومان، ئایین تەنیا ڕێگر نییە و لایەنە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانیش لەم بوارەدا بەشدارییان کردووە. ئەوانیش بوونەتە هۆ بۆ (ناوزڕاندنی) فەلسەفەو ترس پەیداکردن لەم شێوازی بیرکردنەوەیە، کە بەردەوام لە پرسیارکردندایە.

**ڕەخنەی چاودێر: ئازادی و دیمۆکراسی بەشدارییەکی زیندوو دەکات بۆ بەرهەمهێنان و نووسینی فەلسەفە، ئایا ئەو ئازادی و دیموکراسییە ڕەخنەلێگیراوەی لەکوردستاندا بوونی هەیە، ڕێگرە یان یاریدەدەرە بۆ لەدایکبوونی کتێبی فەلسەفی؟**

د.محەمەد کەمال: وەکو باسم کرد بیرکردنەوەی فەلسەفی لەنێو کەژێکی تایبەتی شارستانییدا گەشە دەکات. ئەو کەژە تایبەتییەش بە دامەزراندنی کۆمەڵگا مەدەنییەکان و سەقامگیرکردنی ئازادی بیروباوەڕو بیرکردنەوەی داهێنەرانە سەرهەڵدەدات. فەلسەفە لەنێو کۆمەڵگایەکی نامەدەنی و کەلتووری سەرکوتکەردا پێشناکەوێت. پێویستی بە ئازادی و سیستەمێکی ڕامیاری دیموکراسی هەیە. مەبەستم لە دیموکراسییەت تەنیا هەڵبژاردنی سەرکردە نییە، بەڵکو ئەو سیستەمەیە، کە تیایدا لایەنە فرەو نەیارەکان پێکەوە دەژین و هیچ کامیان بەرانبەری لەنێو نابات. مەبەستم پێکەوەژیانی جیاوازییەکانە. ئەو سیستەمە ڕامیارییەی لە باشووری کوردستاندا دامەزراوە لە لایەکەوە یاریدەدەر و لە لاکەی دیکەوە ڕێگرە، چونکە هێشتا نەبووە بەو سیستەمە دیموکراتییەی کۆمەڵگای مەدەنی تیایدا پێشدەکەوێت. سیستەمێکە کەموکوڕی تێدایە. هەوڵینەداوە یان هەوڵدانەکەی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی پێشکەوتنخواز ڕادیکاڵانە نییە. گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی نەهێناوەتە پێش. سیستەمێکە تاکو ئەمڕۆ سازش بۆ خێڵگەرایەتی و پیاوانی ئایینی دەکات. هەڵبەتە لەم لایەنەوە بەشداریکردنی لە پێشخستنی بیرکردنەوەی فەلسەفییدا زیندوو نییە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو سیستەمە، کە بانگەشەی ئازادی و دیموکراسیەت دەکات، بۆ پاراستنی ناوی خۆشی بێت، ڕێگە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی ناگرێت. ئێمە، تاکو ئەمڕۆ، توانیومانە کەم یان زۆر بێ کێشە لەگەڵ دەستەڵاتی ڕامیارییدا بنووسین و بەرهەمەکانمان بڵاوبکەینەوە. ئەم ڕێگە نەگرتنە لە خۆیدا یاریدەدەرە بۆ لەدایکبوونی بیرکردنەوەی فەلسەفی.

**■ فەلسەفە لەنێو کۆمەڵگایەکی نامەدەنی و کەلتووری سەرکوتکەردا پێشناکەوێت. پێویستی بە ئازادی و سیستەمێکی ڕامیاری دیموکراسی هەیە**

**ڕەخنەی چاودێر: ئایا فەلسەفە چەند دەتوانێت لە خەمو گرفتە گەورەکاندا چارەسەربببینێتەوە؟ ئایا نەبوونی فەیلەسوف لەناو کوردا هۆکار نەبووە بۆ هاتنی ئەم هەموو تەنگ و چەڵەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی... ؟ ئایا بوونی فەلەسەفە چەند دەتوانێت، مرۆڤەکان ڕابهێنێت و ئەو باوەڕەیان لادروستبکات کە ڕێز لەئازادی یەکدی بگرن و یەکدی ڕەتنەکەنەوە؟**

د.محەمەد کەمال: مرۆڤی کورد خاوەنی ئەندێشەی فەلسەفییە، بەڵام بیرکردنەوەی فەلسەفییانە تازەیە و سەرەتایەتی. ئەمەش پەیوەندی بە مێژووی کوردەوە هەیە، کە لەکۆنەوە گەلێکە خاکەکەی داگیرکراوەو ئەویش نامۆ بووە. دواتریش، سترەکچەری کۆمەڵایەتی و ئایینی تاکی کوردی خەفەکردووەو ڕێگەی پێنەداوە چارەسەری گرفتەکانی لە ڕێگەی فەلسەفەوە بکات، یان باشترە بڵێین نەیتوانیوە ببێت بە خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفی. ئەمەش بارودۆخێکی ئەوەندە شومە، کە تاک تیایدا داهێنەرانە و ڕەسەنانە ناژی. ئەگەر بیرکردنەوەی فەلسەفە بە داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە دابنێین، ئەوا بێگومان بوونی فەلسەفە بۆ مرۆڤی کورد دەبێت بە بناغە تاکو دەستەڵات و ڕەسەنییەتی خۆی لەسەر دامەزرێنێت و ببێت بەو بوونەی خۆی دەیەوێت. مرۆڤێک خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە بێت داهێنەر و ڕەخنەگرە و بەردەوام پرسیارکردن سەبارەت نهێنییەکانی بوون لەلای سەرهەڵدەدات. مرۆڤێکە بەئاگا و بوونی خۆی ڕەسەنانە بەرجەستە دەکات و ڕێگەنادات نامۆ بکرێت. بیرکردنەوەی فەلسەفییانە ئاگاییە لە بوونی مرۆڤ و ناساندنی ئەو بوونەیە بە خۆی. بیرکردنەوەیەکە دژی تەلبەندکردن و سنووردانان بۆ دەربڕین و گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا.

**■ لە (ئایین)دا (بیرکردنەوە) نییە، چونکە کۆمەڵێک وەڵامی ئامادەکراو و بەها و یاسای بۆ تاک و کۆمەڵ دامەزراندووە و پەیڕەوییان دەکرێت**

**ڕەخنەی چاودێر: پرسیاری دی زۆرە لەسەر بوون و نەبوونی فەیلەسوفو تێزی فەلسەفەو فەلسەفە بکرێت، بەڵام هەستدەکەم لە شوێنێکی وەک ئێرەدا نابێت، لەبەرئەوە دەمەوێت پرسیاری کۆتا باسی ئەوە بکرێت، هەلومەرجی ئێستا چەند لەبارە بۆ لەدایکبوونی کتێبی فەلسەفی بە زمانی کوردی؟ یان چەند پێشهاتی لەدایکبوونی فەلەسەفە هەیە؟ چەند ئەوانەی هەنوکە لەبواری فەلسەفەدا دەنووسن دەتوانین بە فەیلەسوف بانگیان بکەین؟ یان بوونی ئەم پەرتوکە فەلسەفیانە کە ئێستا لە کتێبخانەکاندایە تا چەند مژدەی لەدایکبوونی فەیلەسوفمان دەدەنێ؟**

د.محەمەد کەمال: من چەند لایەنێکی وەڵامی ئەم پرسیارەم ڕوونکردۆتەوە نامەوێت دووبارەیان بکەمەوە. ئەمڕۆ چەند کەسێک لە بواری فەلسەفەدا بە کوردی دەنووسن، ئایا ئەوان فەیلەسوفن؟ من ڕێگە بە خۆم نادەم بە کەسێک بڵێم فەیلەسوف و کەسێکی دیکە نافەیلەسوف. بە دیدی من، ئەم حکومدانە مێژوو دەیدات. بەڵام من یەکێکم لەوانەی چەند هەوڵدانێکم هەیەو هەرگیز خۆم بە فەیلەسوف دانەناوەو هەمیشە خوێندکارو عاشقی ئەم ڕێگەیە بووم. من دەروێشێکی ڕوتەڵەی فەلسەفەم نەک شێخی تەریقەت. بوونی ئەو چەند پەرتووکە فەلسەفیانەیش، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، سەرەتای بیرکردنەوەی فەلسەفییەو پێویستی بە کاری زۆرترو (جیدی) و ئەکادیمی هەیە تاکو لەو سەرەتایەوە بگەین بە مەبەست. ■

**■ من یەکێکم لەوانەی چەند هەوڵدانێکم هەیەو هەرگیز خۆم بە فەیلەسوف دانەناوەو هەمیشە خوێندکارو عاشقی ئەم ڕێگەیە بووم. من دەروێشێکی ڕوتەڵەی فەلسەفەم نەک شێخی تەریقەت**